دانــەر



**شوكت ملا اسماعيل حسن**

لەڕێکەوتی ٢٢ / ٤ / ١٩٣٧ لەشاری سلێمانی -گەڕەکی گۆیژە- لەدایك بووە.

خوێندنی سەرەتایی‌و ناوەندی‌و دواناوەندی لەهەمان شار تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٥٧ لە کۆلیژی پۆلیس لەشاری بەغداد وەرگیراوەو لەساڵی ١٩٦٠ تەواوی کردووەو بووە بە ئەفسەر لە هێزی پۆلیسی گەڕۆك.

دوای تێپەڕبوونی سێ مانگ بەسەر بەرپابوونی شۆڕشی ئەیلولی مەزن لەساڵی ١٩٦١، چۆتە ریزی هێزی پێشمەرگە لە بارەگای سەرۆك بارزانی نەمر و دوای دە ڕۆژ یەکەم بنکەی بێتەلی گەڕۆکی سەر بە بارەگای بارزانی نەمر بەناوی (ئاراس)ەوە دامەزراندووە لەو ڕۆژەوە بووە بە لێپرسراوی گشتی دەزگای بێتەلی شۆڕش و لە هاوینی ساڵی ١٩٦٢دا یەکەم شیفرەی بۆ بارەگای بارزانی نەمر و هێزەکانی پێشمەرگە داناوەو هەر لەسەرەتای ساڵی ١٩٦١ەوە پسپۆڕییەکی تەواوی نیشان داوە لە شیکردنەوەی شیفرەی سەرجەم هێزە چەکدارەکانی سەر بە ڕژێمی عیراق بۆ سودی شۆڕش.

لەدوای ڕێکەوتننامە مێژووییەکەی ئازاری ١٩٧٠، کرا بە فەرماندەی (فەوجی پێنج - حرس حدود)ی سەربە شۆڕش و لەهەمان کاتدا فەرماندەیی هێزی کەرکوکی پێ سپێردرا.

لەدوای دەست پێکردنەوەی شەڕ لەنێوان شۆڕش و هێزەکانی ڕژێمی بەغداد لەساڵی ١٩٧٤دا بۆتەوە بە بەڕێوەبەری گشتی دەزگای بێتەل و شیفرە، دوای نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ دوورخراوەتەوە بۆ شاری (سماوە) لە خواروی عیراق و هەر لەوێ‌و بەمەبەستی خزمەتکردنی نەتەوەی کورد دەستی داوەتە فەرهەنگسازی‌و ماوەی (١٦) ساڵ بەم کارەوە خەریك بووە و ئەم فەرهەنگەی هێناوەتە بەرهەم.

دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ گەڕاوەتەوە سەر کار و بە پلەی لیوای پۆلیس دامەزراوەو لەساڵی ١٩٩٤ لەسەر داوای خۆی خانەنشین کراوەو چۆتە وڵاتی ئەڵمانیا و ئێستا لەوێ نیشتەجێیە.